## ئەم کورتە پەخشان و نووسراوەیە، بۆ یادی 26 ساڵەی کاک فوئادی مستەفا سوڵتانیە:

**بۆ سەرکردەیەک، کەم ژیا لە مەیدانی ئاشکراو رووبەروو بوونەوەدا.**
**بەلام گەورەترین ئەزموون و رەوشی خەباتی لە دوا خۆی بەجێهێشت، کە بوونە**
**بەردی بناغەی چالاکی مەدەنی و جووڵانەوەی کۆمەڵانی وشیاری کوردستان**
**و کۆمەلە لە سەری پێیگرت.**

\- - - - - - - - - - - - - -

**شنە بای دەربەندی و**
**کێوان لە ئامێزت دەگرن.**
**قەلای شۆڕشێکی، ئاخێز دێنی،**
**یان لێزمە بارانی و**
**تینی بۆ زەوی.**
**ئەو خاکەی تۆ!! لە ئامێزیدا،**
**ئارام چاوەکانت تیا لێک ناوە،**
**بە پەنجەی بەستەکانت، دەکاتەوە بە ئاهەنگی مۆسیقا،**
**دەبنەوە سرودی مارش و دێنەوە سەر سەکۆی شانۆی تەماشا.**
**ناوی تۆ هەستانەوەیە، راسانی دوای هەرەسە!!؟**
**رچەی بەرەو ترۆپکە.**
**گەورەم، رێچکەی هەنگاوەکانت،**
**بریسکەی بیرت، سەرهەڵدانی نوێیە،**
**ناوت هێمای کۆمەلەیە،**
**وێنەت، دووانت، داهێنانت،**
**پاشەکەوتی توێشەبەرەی کۆڵتە،**
**رەشیشەی سەر هەڵدانەوەیە،**
**سەوزەڵانی دوای خەزانە،**
**رەمزی خەباتی هەژارانی کوردی تۆ،**
**مەشخەڵی بزوێنەری بەکۆمەڵی ڕەنجدەرانی تۆ.**

**خەرمانانی 1385**
**. نووسینی: ئەحمەد بەهرامی**

یادی کاک فوئاد، یادی مێژووییەکە، شێوازێکی تازەی تێدا هاتەدی. ئەم شێوازەش لە دایک بوونی شێوازێکی تازە بوو، کە لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا بەگشتی، هاتە گۆرو دەرگایەکی تری بەڕووی تێکۆشانی خەبات و دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەری لەکوردستاندا کردەوە. هەنگاوی تێپەر بوون لە هێڵە سوورەکانی کۆن بوو لەم خەباتەدا.
ئەم یادەی کە ئێستا لە سەری دەدوێم، شتێکی ئیحساسی نییە بۆ من. بەڵکو باس لەسەر داهێنانێکە کە جۆرێکی ترە لە شێوازی بزووتنەوەکەدا، کە لە کوردستان هاتە گۆڕێ و ترازان لە هێڵە سوورەکانی کۆن و ئەو قەوارە کۆنانە بوو، کە بەری بە دەخالەتی جەماوەر گرتبوو. کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوو بوونە کۆت لە مل حەرەکەتی خێراو روو لەگەشەو بەرەو رادیکاڵزیمی جەماوەری. ئەم شێوازەش، لەگەڵ شێوازە کۆنەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە یەک جیان و دوو دوانی جیاوازن و لە دژی یەکن. ئەویش خەباتی بەکۆمەڵ لە کوردستان و هاتنە کایەی خەباتی گەلی کوردستان، وەک دینەمۆی داگیرسێنەری هەموو ئەندامی موتوورەکە، کە لە کوردستان تا ئەو کاتە، نادیار بوون لەم بزووتەوەیەدا.

لە کوردستان بزووتنەوە کۆنەکان، تەنیا ئەندامانی پایە بەرزی حیزبی، یان خاوەن دەسەڵات و داراکان دیار بوون. هەر ئەوان هەموو بڕیارێکیان دەدا، چ بە لایەنی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لەم بزووتنەوەدا. ئیدی جەماوەر وەک ئەندامانی ئەم بزووتنەوانە هیچ دەسەڵاتێکیان لە سەر چارە نووس و داهاتووی خۆیان نەبوو.

بەلام داهێنەرو کار پێکەری ئەم چەمکە تازەیە، هەوڵیدا ئەو شێوازە بگۆری و ئەندامانی بزووتنەوەکەش دیاربن. دەبوو خاوەن ماڵ بۆ ئاوەدانی ماڵەکەی خۆی، ئیدی دیار بێ و خۆی لە چەقاندنی کۆڵەکەی ماڵەکەی خۆیدا ساحیب رەئی بێت. حەرەکەتی کۆمەڵە و لە پێشەوە کاک فوئاد، ئەم هەنگاوەیان گرتە پێش و کردیانە ئامێری کار پێکردنی ناو ئەم بزووتنەوەیە. کە ئەویش دەخالەتی خودی جەماوەر لە سەر چارە نووسی سیاسی خۆیان بوو. ئەم هەنگاوە بووە هۆی لەدایک بوونی ئەو ڕێکخراوانەی کە، دەبنە هۆی گەشەو سەر هەڵدانی ئەو دێموکراسییە راستە، کە ئیدی وشەی دێموکراسی لە حیزبەوە بۆ جەماوەر نیە، بەڵکو بە دەخالەتی راستەو خۆی جەماوەر،لە سەر گۆرینی کلتووری کۆمەڵ و شێوەو سوونەتەکانی نەگۆر، کە وەک تۆق لەملی کۆمەڵ بوون، کاری خۆی دەستپێکرد و جۆرە کلتوورێکی تازەی هێنا مەیدان کە لەم بزووتنەوەیەدا کاری پێنەکرابوو. ئەویش بە دەخالەتی خەڵک لە سەر ژیان و سیاسەتی خۆیان، بەبەشداری راستەوخۆی خۆیان لە سەر ژیانی داهاتوویان بۆ مسۆگەر بوونی داواکانیان. لەم ڕوانگەوە بوو کە، بۆ گوڵکردن و بونیادنانی فەزای دێموکراتیک و حەرەکەتی سەربەخۆی جەماوەری، دوور لە کۆنترۆڵی حیزبی، بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیک تەنیا، کە لەم رێگەوە دەتوانی بێتە دی.

هەر وەک دەزانین لە کۆمەلگای ئێمەدا، چەمکی دێموکراسی لە حیزب و ڕێکخراوەکانەوە، دەدرێت بە کۆمەل و کۆپینەکەی دەبی لای ئەوانەوە سادر کرێت. نوخبەگانی حیزبی و ڕێکخراوەی، یان دەوڵەتی ئەم وەزیفەیان هەیە و دەتوانن، بانگەوازی دێموکراسی بکەن، ئەویش بە ویستی خۆیان؟ نە لە کاناڵی خەباتی ئازادانەی کۆمەلدا و خۆڵقانی فەزایەک، کە گۆڕانی دابو نەرێتە کۆنەکانی بەدوا دابێ و فەزایەک، بۆگەشەی کولتوورێکی تازەی بێنێتە گۆڕ لەم خەباتەدا. کولتووری وڵاتی ئێمە بە کورد و غەیرە کوردەوە، کە هەموو بارهاتووی فەزایەکی پاوانخوازی داسەپێنانە بوون و هەن لە سەر فکر و زکری جەماوەر. تا ئێستا باو بووە کە خەڵکی غەیری ئەم حیزب و ڕێکخراوانە، لەم بارەوە ئەگەر دەنگیان دەر هاتبێت، ئاژاوە گێر و تێکدەر بوون، دژی خاک و نەتەوە ناسێندراون، بەلادان لە ئیدئولژیکی حیزبی موتەهەم کراون و بە تەواوی، لە هەموو دەخالەتگەری ناو ئەم حیزبانە مەحڕوم کراون. بۆیە هاتنە کایەی ڕێکخراوە غەیرە حیزبیەکان، لە بزووتنەوەی کوردستاندا تازە و نامۆ بوون لەو کاتانەدا. لە دژی بەرژەوەندی جەرەیانی تردا حەرەکەتیان دەکرد، ئەو سوننەتە کۆن و قەدیسکراوەکانی هەڵوەشاندەوەو دەرگای بۆ فەزایەکی تازە لەم بزووتنەوەیەدا کردەوە. ئەمە نە تەنیا دیدی جەماوەری نیسبەت بە شکل و قەوارەی بزووتنەوەکەوە گۆڕی، بگرە دیدی جەماوەری نیسبەت بە هەموو حیزب و ڕێکخراوکان گۆڕی. ئەم گۆڕانکاریانە وەک سەر هەڵدانێکی حەرەکەتی جەماوەری لە ناو دڵی ئەم بزووتنەوەیەدا ڕوویدا و فەزایەکی تر هاتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆڕیێ. ئەو فەزایەش، خەباتی دەستە جەمعی و بەکۆمەڵی خەڵکی کورد بوو بۆ داواکانی خۆیان لە هەموو بوارێکدا. جا بۆیە ئەمە شێوازێکی تازە بوو لە خەباتی خەڵکی کوردا، کە کۆمەڵە و لە پێشەوە کاک فوئاد، بوونیاد نەری بوون وەک چەمکی جیانەکراوە لەم بزووتنەوەیەدا. هەر ئەوەش گۆچی گرتوو بووە ڕۆحی زیندووی ئەم خەباتە لە بزووتنەوەی کوردستاندا لەو کاتەدا.

خەڵکی کورد خەباتێکی مێژووی و خوێناوی هەیە. رابردووی ئەم مێژووە بۆ خەڵکی کورد لە قۆناغە جۆراو جۆرەکانی مێژوویدا، تێکۆشان و کارەساتی بووە. سەرهەڵدانی هەر کام لە حەرەکەتانە، وەک دەربڕینی دەنگی گەلێک لە دژی داگیرکەرانی قوربانی گەورەی لێکەوتۆتەوە. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژخایەن ئیدامەی بووە. ئەڵبەتە ئەم بزووتنەوانە دەبێ بە پێی دەورو ئەو مێژووە هەڵسەنگێندرێن کە تێیدا دروست بوون و سەریان هەڵداوە. چ لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەموو ڕوویەکەوە، کە ئەوە کاری ئەم نووسراوە نییە.

بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کوردیەکان لە دوو دەهەی ئەوەڵی 1300 هەتاویدا بەملاوە چاو لێکەین، بەڕوونی هەڵسووکەوتی هێزە سیاسییەکانی دەخیل، لەم بزووتنەوانەدا دەبینین. دەبینی کە تاچەندە بەهایان بە هاتنە مەیدانی خەباتی جەماوەر بۆ داواکاریەکانی خەلک داوە. چەندە خەباتی جەماوەری و حەرەکەتی بەکۆمەڵی خەلک بۆ بەدەست هێنانی خواست و داواکاریەکانیان، بۆیان گرنگ بووە لەم بزووتنەوانەدا. ئەگەر لاپەڕەی ئەم مێژووانە هەڵدەینەوە، لەسەرەوەو لە قاڵبی سەرکردەو هێزی چەکداریدا، خۆی دۆزوەتەوەو دانوستاندنی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی کردووە. هەر بۆ خۆیان وەک حیزب بڕیویانەو دایان کوژاندوە، ئیدی دەخالەت و بوونی دەنگی خەلک، بایەخی ئەوتۆی لەم بزووتنەوانەدا دیار نیەو نابیندرێ. ئەگەر بوویێش، نەک بۆ وشیاری جەماوەر و بارهێنانی جەماوەر بۆ درێژەی خەبات و خوڵقانی شێوازێکی نوێ و ڕادیکاڵ بوونەوەی شۆڕشەکە، بەڵکو تەنیا لە بەرژەوەندی حیزبیدا بووە و بەس. بۆ هەر کام لەم هێزانە، تا ئەمرۆکەش هاتنە مەیدانی جەماوەر و داوا لە جەماوەر کردن، کە بەکۆمەڵ بێنە سەر شەقام و داواکانی خۆیان بێننە گۆریێ، زۆر بەکەمی و کال وکرچی روو دەدات و دەبیندرێ، یان هەر وجودی نییە. ئەوەی بۆتە ڕەسم و داوا لە جەماوەر کراوە، کە بە کۆمەڵ دەنگی نارەزایی دەربڕن، ئەوە بووە کە بە بۆنەی ساڵ یادی سەرکردە حیزبیەکانەوەو بە دەستەوە گرتنی وێنەی ئەو سەرکردە حیزبیانە، دەنگی ناڕەزایەتی دەربرن. یادی سەرکردەکانیان بکەنەوە، دوکانەکانیان داخەن، نەچنە سەر کار و لە ماڵەوە دانیشن.

لە مەر ساڵ یادی هیچ حەرەکەتێکی خوێناوی ئەم گەلەدا بە باشی نەبۆتە ڕەسم و سال یادی دیار نیە، ئەگەریش هەیە لە پاڵ ناوی یادی لە دایک بوونی حیزبەکانەوەیە. هەموو ئەو کێشە و گفتوگۆیانەی کە بوون لەگەڵ دەوڵەتانی مەرکەزی و سازان و دانانی قەرارات، لە بەینی هێزەکانی بزووتنەوەکە و دەوڵەتی مەرکەزی، هەمووی بە نەهێنی و بە دوور لە جەماوەر کراون. خەڵکی لە هیچ کام لەم کێشەو گفتوگۆیانەی، چ بە باری سازان و تەوافق، یان نەسازان و شەر، یان بەجێهێشتنی بزووتنەوەکە، ئاگادار نەبوون. چۆنیەتی رووداوەکان بۆ کەسیش تەوزیح نەدراوە، ئەگەر هەمووی بزووتنەوەکەش تەسلیم کرابێت.

لە دوای ڕاپەڕینی 1357 هەتاویدا لە ئێران و هاتنە مەیدانی خەباتی بەرەی چەپ لە دەیەی پەنجا بەم لاوە، ئەم فەزایە لە بزووتنەوەی سیاسی گەلی کورد گۆردرا. ئەویش لە کوردستانی ئێران و بە تێکۆشانی خەباتی عەداڵەت خوازی کۆمەڵەوە دەستی پێکرد.

ئالێرەوە دەبی دەوری مێژووی و یادی کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی، وەک سەرکردەی باڵی عەداڵەت خوازی و چەپ لە کوردستان هەڵسەنگێندرێت. ئەمەش نەک تەنیا وەک سەرکردەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەمە و بەس، بەڵکو وەک داهێنەری جۆرە خەباتێک لەم بزووتنەوەیەدا، کە فەزای کۆنی گۆری و دەرگای بۆ خەباتی کەمینەکانی کۆمەڵگا کردەوە. کە دەبی وەک بەشی موستەقیل و غەیرە حیزبی و سەربەخۆ بن، بۆ بەدەست هێنانی داواکانی خۆیان و بوونیاد نانی فەزایەکی دێموکراتیک دەوریان بێت. ئەم داهێنانەش ئەمرۆکە بۆتە ویستی بەکۆمەل لە کوردستان و گەشەیان کردوە، ئیدی حەزف کردنیان غەیرە مومکینە لەم بزووتنەوەیەدا.

من ئەفسانە لە کاک فوئاد وەک پێشمەرگەیەکی ئازا دروست ناکەم. بەڵکو وەک کەسێکی هەڵکەوتوو لە بزووتنەوەی کوردستان، وەک سەرکردەیەکی ڕادیکال و نوێ خواز، کە هەوڵیدا خەباتی جەماوەری بەش مەینەتی کوردستان، لەو قاڵبە سونەتیە تەکرِوویانە رزگار بکات و فەزای ڕەوتی ئەم بزووتنەویەی گۆری مەبەستمە.

کاتێک دوژمنای ئەم بزووتنەوە بە هاوکاری دەوڵەتی مەرکەزی، هەوڵی ئاژاوەو هەڵگیرسانی ئاوری شەریان دەدا، کۆمەڵە بە ریبەری کاک فوئاد بەرلەوە دەست بۆ تفەنگ بەرن، دەستیان بۆ بزووتنەوەی سیاسی و هێزی جەماوەر برد. ئەو هێزەی کە دەتوانیت ببێتە زامنی هەموو رووداوێک و ببێتە گۆرێ بۆ دەخالەت لە سەر چارەنووسی خۆی. جەماوەر وەک ئامرازی سیاسی و ساحیب مەتڵەب، هەر وەک کوتمان، تا ئەوکات دەخالەتی لە سەر چارەنووسی خۆی نەبوو، کە لەگەڵ دوژمن بدوێ. ئەو جەماوەری کە هەر وەک دەستە چیلە وابوون، بێ ئاگا بوون لە کردەوەکانی پشتی پەردە، لە سەر چارەنووسیان. ئەوە بوو دەرفەتیان پێدرا ئیدی وەک ساحێبی چارە نووسی خۆیان بدوێن لە شۆرشی خۆیاندا. کاک فوئاد و هاوریکانی کۆمەلە، ئەوەلین هەنگاویان هێنانە مەیدانی جەماوەر و تێگەیاندنی جەماوەر بوو، لە هەموو مەسەلە گرنگەکانی ئەم خەباتە و پیلانەکانی دەوڵەتی ناوەند. کە دەبی خودی ئەم جەماوەرە کە قەرارە خەبات بکات بۆ باش بوونی ژیانی خۆی، لازمە فێری هەموو دانوستاندن و فەنەکانی ئەم خەباتە ببی و خۆیان بریاری تەواو لە سەر داهاتوو تێستا بدەن و تەرەفی خۆیان بناسن. هەروەها تەرەفی موقابیلیش کە دەوڵەتی مەرکەزیە، دەبی بزانێ تەنیا هەر ئەو تاقمە کەمەی، کە خۆیان وەک دەم راستی جەماوەر داناوە، وەک نووخبەی کۆمەڵ دەدوێن، نین و دەبی و لەگەڵ هەموو تاکەکانی ئەم بزووتنەوەیە، تەرەف بێت لە سەر چارە نووسی ئەم خەباتە.

ئەوەی کە قەت بزووتنەوەی کورد لە هیچ کام لە حەرەکەتەکانی خۆیدا نەکردبوو، باوەریشی پێ نەبوو، کە جەماوەر دەبی دەوری ببی و بۆ خۆی دەخالەت بکات لە سەر چارە نووسی خۆی. هەروەها لە تەریق دەنگی خۆیەوە واریدی خەبات بۆ ژیانی خۆی ببێ، ئەمە بێ وێنە بوو لە بزووتنەوەی گەلی کوردستاندا. چونکە لە کوردستان دایم هەوڵ دراوە کە هەموو رێکخراوەو بزووتنەوەکانی ناوکۆمەڵگا، هی حیزب و سازمان بن، نوخبە و قسەکەر بۆ کۆمەڵ، هەر حیزب و رێکخراوەکان بن، هەر هەقی حیزب و رێکخراوەکان بێ چیدەکەن بیکەن. ناوی ئازادی و دێموکراسی، لە لای حیزب و رێکخراوەکانەوە پەسندکرێ و بدرێتە دەر و خەڵکیش چەپڵەیان بۆ لێدەن. نەک هەوڵی ئەوە کە دەبی ئەم رێکخراوانەی، کە سەربەخۆ و هەڵبژاردراوی خەڵکن، دەبی لە سەر پیێ خۆیان بن، کاری خۆیان بکەن، هەوڵ بدرێ لە باری کولتووری و خوڵقاندنی فەزایەکی نوێ، لەم بزووتنەوەدا گۆران بکرێت و دەرفەت بۆ شێوازی تازە بخوڵقێت بۆ ئەم دەخالەتە. ئەمە بڤە بووە بۆ حیزبە سوونەتیەکان و دەمراستانی خۆ فەرزکەر، کە ئالەم رێگەیەوە تەنیا دەکری بەرەو خوڵقانی بیری نوێ و شێوازی تازە هەنگاو هەڵگیرێت. ئەمەیە وەک ئاوێنەی باڵانوێنی خەباتی جەماوەر، بەدەست خودی جەماوەرەوە خۆی دەنوێنێت لەو گۆرانە تازەیەدا. دەبی کاری حیزب لە چوارچێوەی خۆیدا دیار بێ و دەخالەتی جەماوەریش دیارو کراوە بێت، هەموو یاسایەک لە دەسەڵاتی مەرکەز بێنە دەر و ئازاد و یەکسان عەمەل



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکەن. دوور خرانەوەی خەلک و بێبەری بوون لە سەر چارە نووسی خۆیان، ئەمەش بۆ هەموو حیزبێک قازانجەکەی ئەوەیە، کە ئۆپوزسوێنی ناو کۆمەڵی خۆیانی پێ لاواز دەکەن و ئەو کولتووره کۆن و نەگۆڕەش نابی دەستکاری کرێت. خەڵکی دایم چاو لە دەمی کەسانی تایبەت بن، ئەوانیش لە فایلەکانی خۆیانەوە،یاسا و شێوازی ژیان بۆ کۆمەڵ بدەنە دەرێ.
لە کوردستانی ئێراندا و لە هیچ کام لە بەشەکانی تری کوردستان دەوڵەتانی ناوەند، قەت گویان نەداوەتە دەنگی جەماوەر. هەوڵی ئەوە بووە کە لە تەریق کەس و رێکخراوەکانەوە واریدی حەلی کێشەکان بێ. هەر ئەو کاتەی کە کێشەی دەولەتی ناوەند، لەگەل گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی پێکرد بۆ ستاندنەوەی دەستکەوتەکانیان، لە تەریق جەرەیانی مەزهەبەبی و شێخ و عەشایەرەوە، لە پال بێدەنگی حیزبی کوردی تردا، هەوڵیان سازان و بەلا رێدا برنی بزووتنەوەی کوردستان بوو. هاتوچۆی مەرکەزیان دەکردو بەلێنی نادیاریان دەدرایە و بە شیعاری ئیمە موسڵمانین، ئاژاوە گێرنین، هەوڵی بەلاریدا برندنی مەسەلەکانیان دەدا. لە پاڵ ئەم وەزعەدا بوو کە جەماوەری کوردستان بەتایبەت لە جنووبی کوردستان، کە دواتیش زۆربەی کوردستانی گرتەوە و رەنگی دایەوە، بەڕابەری کۆمەڵە و کاک فوئاد لە ساڵی 1358 دا. جەماوەر بەکۆمەڵ لە زۆربەی کوردستاندا، شار بەشار دەهاتنە مەیدانی خەباتی سیاسی و مەدەنی بۆ داواکانی خۆیان. هەر ئەم داهێنانە کاری خۆی کردە سەر رەوتی ئەم خەباتە و بووە هەوێنێک کە ئەمرۆکە و لە ژێر گورزی سەرکوتی دەڵەتی کۆماری ئیسلامیدا، بە ڕژانی خوێن و دانی قوربانی گەورە، گەشەیان کردوەو هەر کامەو دەوری خۆی هەیە. ئیدی ئەم بزووتنەوەیە سەرکەوتنی خۆی تەنیا لە رێی چەکداریەوە نابینی و دەتوانێ رێگای تریش بگرێتە بەر و وەلانانی جەماوەریش مومکین نییە.
کاک فوئاد بە پێچەوانەی هەموو سەرکردەکانی کەی ئەم بزووتنەوەیە، کە تەنیا هەولیان ئەوە بوو، خۆیان وەک حیزب و شەخس، دوور لە چاوی جەماوەر بە مەسەلەکەوە هەڵستن و هەر خۆیان دیار بن و سەر و بنی کێشەکە پینەکەن. ئیدی دەوری جەماوەر ونەو ئاگایان لە داهاتی خەباتەکەیان نەبێ، کە چی لێ بەسەردێ و چی دەکوتری دیار نەبوو. کاک فوئاد ئەوەڵ سەرکردە بوو، بە پشت بەستن بە جەماوەر و هێزو باوەڕی کۆمەڵەوە، پێشی بەم شێوە لە بەرەو پێش چوونی حەرەکەتە گرت و ئاقاری بزووتنەوەکەی دا دەست خودی جەماوە، ئەمەی لە بزووتنەوەی کوردستاندا جێ خست. کە بەبێ دەخالەتی خەڵک لە سەر مەسەلەکان، لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لە بەرژەوەندیاندانیەو ئەم شێوە دەبێ بگۆردرێت، کە بۆتە پیشەی وەلانانی دەسەلاتی خەڵک. بەم جۆرە بوو ئەم هەنگاوەی کاک فوئاد هەڵی گرت، فەزایەکی تەواو دێموکراتیکانەی دایە خەباتی جەماوەری گەلی کوردستان.
لە زۆر جێگەی کوردستان لە لایەن، دەوڵەتی مەرکەزی لە "تاران" کە تازە پێی دەگرت، کەوتبووە ئاژاوە نانەوەو خوێن ڕێژی دەست پێکردبوو. شاری نەغەدە، پاوە، دوژمنکاری و کوشتنی خەڵکی ئاوایەکانی سنووری تورک و کورد و چەکدار کردنی هەموو ساواکی و کۆنەپەرتسانی ناوچەکە. لە شاری سنە و مەریوان و دەوربەر، زۆر هەوڵیدا لە تەریق نۆکەرانی وەک موفتی زادە و سەفتەری و سازشی جەرەیانی تر، خەباتی جەماوەر و بوونی دەسەڵاتی حەرەکەتی شوورایی هەڵبژاردراو بۆ ڕاپەراندی کارەکان، بە هەر پیلانێک کە دەکرێ لە ناو ببات و فەزاکە بگۆری، بەڵام بۆی نەکرا و پووچەڵکرایەوە، ئەمانە تەنیا بە شەڕە تفەنگ نەبوو! ئەو خوێنەی ڕژاش دەوڵەتی مەرکەزی ڕشتی و تفەنگی بەکار برد.
کاک فوئاد وەک کەسی ئەوەڵی کۆمەڵە، تەنیا خۆی لە قاڵبی رێکخراوەیدا نەبەستەوە! بەڵکو تێکۆشا وەک رابەرێکی کراوە لە بزووتنەوەکەدا، پێگەی خەباتی دێموکراتیکی جەماوەر بناسێنی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و ئەمەش لە دەست خودی جەماوەردا ڕابگری. ئەمەش لەوەوە سەر چاوەی دەگرت کە، دەبێ ئەم بزووتنەوەیە، بۆ ئەوە بتوانی تامی ئازادی بچێژی و فەزایی دیموکراتیک بێتە ناو هەناوی ئەم جولانەوەیە، ڕێکخراوە مەدەنی و غەیرە حیزبیەکان سەوز بن و ببنە لەمپەری ڕاگرتن و گەشە پێدانی حەرەکەتەکانی دوا ڕۆژی ئەم کۆمەڵگایە. هەموو هەوڵی کاک فوئاد، ئەوە بوو کە دەبێ بە هێزی جەماوەر، بەرەو پوچەڵکردنەوەی ئەم پیلانانە بچین. کە بوونەتە تاعوونی فەوتان و گەشە نەکردنی جەماوەر و پێشگرتن، لە دارشتنی بناغەیەکی قایم بۆ ئەم خەباتەو رزگار بوونیان، لە دەست سەرەرۆی و خۆ بەسەر فەرزکردندا. ئەم حەرەکەتە ئەگەر چی زوو هێرش کرایە سەری و دەرفەتی بۆ نەرووخسا، بەتەواوی قاڵب بگری لەو سەر دەمایەدا، بەڵام فەزایەکی گۆڕی و ئەو سوونەتانەی کرابوونە یاسای نەگۆڕ لەرزۆکی کردن. ئەویش بەکرانەوەی فەزایەک کە کۆمەڵە بە رابەری کاک فوئاد، بۆ هێنانە مەیدانی ڕێکخراوی موستەقیل و بەدوور لە دەخالەتی حیزبەکان، هێنایە گۆڕی، وەک ئەو ڕێکخراوانەی کە هەر ئەو سەر دەمە دروست بوون و دەخالەتیان دەکرد لە زۆر شوێنی کوردستاندا. کۆمەڵە و کاک فوئاد، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە دەبێ ئەم ڕێکخراوانە لە حیزبەکاندا نەتوێنەوە و نەبنە دەستەچیلەی هیچ لایەک. بەڵکو لە سەر پێی خۆیان بن، وەک زامن بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و دەسەڵاتی لێپرسینەوە، بۆ دەخالەتگەری جەماوەری لە کوردستان لە سەر رەئی و چارەنووسییان لە هەموو بوارەکانی ژیان.

مەسەلەیەکی یەکجار گرنگی تر، کە لەم بزووتنەوەیەدا گۆڕانی بەسەردا هات. بۆ ئەوەڵجار پێگەی بە نوخبەو دەمراستی حیزبی و ڕێکخراوەی لەق کرد، کە ئیدی ناتوانن هەر وا بیدەنە بەر و خۆ فەرزکەن لەم بزووتنەوەیەدا. کە کەس نەتوانی هەروا بەمەیلی خۆیان بریار بدەن، هەرچی دڵی خۆیان دەخوازی ئەنجامی دەن و جەماوەر هیچ نەبن، ئەویش بە ئیبتیکاری کاک فوئاد هەر لەو سەر دەمەدا گۆردرا و خەڵکی وشیار و دوور خراوە هاتنە پێش. وەک مەسەڵەی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی و راپۆرتی هەر رۆژەی بەجەماوەر. بە قەولی "کاک فوئاد، کە دەی گوت، لە مێژووی گەلی کوردا وێنەی نەبووە کە بە دەنگی جەماوەر، نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی بێنە کوردستان، بەڵکو ئەوە حیزبەکانی کورد بوون، دەبوو بچنە تاران و کون بەکون بەدوای نوێنەرانی دەوڵەتدا بگەڕێن تا قسەیەکیان لەگەڵ بکەن. بەڵام ئەم جارە راستەوخۆ جەماوەر بوون، کە سەرانی دەسەڵاتداریان هێنا کوردستان بۆ وتوو وێژ لە سەر مەسەلەکانی خۆیان". دەخالەتی نوێنەری ڕاستەقینەی خودی جەماوەر لە سەر مەسەلەکان، بۆ ئیدامەی کارەکان، راو بۆچوونی جەماوەر داوا بکری، لە کۆبوونەوەی دەستە جەمعی و هەموو جەماوەر ئەم باسانە بێنە گۆڕێ، کە دەبێ چی بکەین و ئامادەی خەڵکی لەم بارەوە تاچەندە، ئەمەش ئەوڵ جار بوو لە خەباتی گەلی کوردا ڕووی دەدا، کە جەماوەر دەتوانن بۆ خۆیان، قسە لەگەڵ دەسەلاتداراندا دەکەن و کێشەکانیان دێننە گۆری و بوێرن دەم بەرنە پێش.

کۆچدانی شارێک و وەگەر خستنی خەباتی بە کۆمەڵی شارەکانی تر لە کوردستان و ڕێپێوانی بە چەند هەزار کەسی لە شارەکانی تری کوردستان بۆ شارێکی تر، وەک ئامرازی بە هێز دژی دوژمن. ئەمەش لە کۆمەڵگای کوردستان کە قەت سوونەتی هیچ سەرکردە و حیزبێک نەبوو تا ئەوکاتە، خۆی تاقی کردەوەو بووە ئەزموون، کە دەبێ شێوازی پشت بە هێزی جەماوەر بەستن بۆ خەباتی سیاسی لە کۆمەڵگای خۆیاندا چۆن بێ. ئەمەیە کە کاک فوئاد وەک سەرکردەی سیاسی خزمەت گوزار بە جەماوەر، جیا دەکاتەوە لە هەموو ئەو سەرکردە و شەخسیاتانە، کە وەک سەرکردەی بزووتنەوەی خەلکی هەژاری کوردستان دەرکەوتوون. ئەمەیە کە کاک فوئاد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جیاده کاته له هەموو ئەو سەرکردانەی که دوای ئەویش، کۆمەڵەیان هێنا پێش هەتا ئێستاش، هەوڵی جدیان نەداوە، ئەم پێگەیه راگرن و ئاکامی ئەمڕۆی لێنەکەوێتەوە بۆ کۆمەڵە.

ئەوە دەسەلمێنن که جیاوازی نێوان سەرکردەی جەماوەر و بۆ جەماوەر خەبات کردن و بار هێنانی جەماور، له بزووتنەوەکەدا دیاری دەکات. که دەبی و چۆن دەکری پێش له به لا ریدا بردنی مەسەلەکانی بگرن و مەوقعییەتی فەردی فیدای مەوقعییەتی گشتی کۆمەڵگا کرێت. ئەو هەنگاوانه بوونه هەوێنی فەزایی دیموکراتیک و کورت بوونەوەی دەسەلاتی رێکخراوەی و مەقام پەرەستی. بەلام ئەمه له خودی کۆمەڵەشدا لاواز کراو و خرا لاوە، بەداخەوە مەوقعییەتی فەرد بوونه ئەسڵ نەک مەسڵەحەتی گشتی. کاک فوئاد هەوڵی ئەوە بوو، که دەسەڵات له تەریقی ریێ ئازاد و لێپرسینەوەی ئازاد بۆ جەماوەر، بۆ زامنی پاراستنی ئەم فەزا دیمۆکراتیکه لازمه، که هەڵقوڵاوی فەرهەنگێکی تازه له ناو جەماوەرەوە دەست پێبکات. نەک جەمعێکی غەیرە کۆمەلایەتی و بێگانه به ژیان کۆمەل. هەر ئەوەش بوو که، خودی کۆمەڵەش به له دەستدانی کاک فوئاد خۆی پێ نەگیرساوە، کەوتە داوی حەرەکەتە غەیری سونەتەکانی خۆی و ئەم رەوتەی وەلاناو خۆی دایە دەست قەزاو قەدەر، که دوور له خەباتی زیندووی سەر گۆڕەپانێک بوو، که خۆی تیا پێیگرتبوو. کۆمەڵە کەوتە ریزی بێ پایەترین جەرەیانی دژ به خەباتی خەلکی هەژاری کوردستان، که تا ئەمڕۆکەش هەر هێزی کۆمەڵەی تیا هەپرۆن به هەپرۆن دەبی، هەر چاو برکێیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەمەیە که دەبی کۆمەله و بزووتنەوەی کۆمەڵە به ئامێزی کراوەوە، بەرەو پیری لێک نزیک بوونەوە بڕواو گرێ کوێرەکانی سەر رێگای خۆی بکاتەوە. دەست له زێهنی گەرایی و دەستە گەری ناو خۆی هەڵگرێت. رۆحی له خۆ بووردووی له خۆی نیشاندا و ئامانجەکانی کۆمەڵەی کاک فوئاد، به دیدی ئەمڕۆیەوە ببینێ. بەدیتنی ئەو واقیعیەتانەوە که له دەوری دەگوزەرێن هەڵسوکەوت بکات. دەبی بزووتنەوەی کۆمەڵە له کوردستاندا، تەنیا پشت به ریزی یەکگرتووی و باوەڕی عەداڵەت خوازی و دیموکراتیکی خۆی ببەستی، ئیدی خۆی به ئەو یەکگرتووە دابراو کاتیانەوە فریو نەدات، که هیچی ساڵێک دەوامیان نیه.

کۆمەڵە به بوونی باور به خۆو چەپ بوونی خۆی و دەسەڵاتی دیموکراتیک خوازی له کوردستاندا، بووە دەسەلات و بووە وەزنی تای تەرازوی دەسەلات له کوردستان و ئێران، نەک به پشت بەستن به هێزی بێگانه به خەباتی خۆی. تەنیا به گرتنه بەری ئەم هەنگاوەیە ئەمە مسۆگەر دەکات.

astafe@astafe.org



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com